# ئامۆژگاری و ڕێنوێنی بۆ پیران.

## بۆ ژیانێکی ئەمن و مەحفووز بوون لە کاری نائاسای

چۆن ئاگات لە کیفی پارەت بێ!

- پارەی زیاتر لە پێویست، لە گەڵ خۆت مەگێڕە
- پارە بە دەستەوە مەگرە

- گیرفانێکی ژوورەوەت هەبێ بۆ کیفی پارەکەت، ئەگەر نییە خۆت لێی بدروو
- کیفی دەستیت هەمیشە قایم بکە و ڕووی قفڵەکەی لە لای خۆت کە
- قەت کیفی دەستیت کە کیفی پارەی تێدایە لە ناو داشقەی یا ڕولاتوور Rullator مەخە.
- کیفەکەت بە جوانی دابخە و زیپەکەی بکێشە
- هەوڵ بدە حیسابی مانگانەت بە شێوەی ییرۆ Giro بە ڕێگای بانک دا بدەی.
- کارتی بانک بە کار بێنە بۆ دەرهێنانی پارە و بە شێوەیەکی باش ئاگات لە کۆدەکەت بێ.
- پارەکەت بەش بکە، بۆ ئەوەی هەمووی لە جێکایەک کۆمەڵ نەبێ.
- قەت کارتی بانک و کۆدەکەی بە یەکەوە دامەنێ.
- هەرچەند کەمتر کیفی پارەکەت دەربێنی باشترە. بۆ نموونە لیستی شت کڕین بخە ناو گیرفانت، نە ناو کیفی پارەکەت، هەروەها کۆدی گرینگ و ژمارە تەلەفۆن بۆ بەستنی کارتەکانی بانکیت مەخە ناو کیفی پارە.
- چاویلکەکانت لە ناو گیرفانت بێ باشترە، بۆ ئەوەی هەموو جارێ کیفەکەت نەکەیەوە.



هەرچەند کیفی پارەکەت کەمتر دەربێنی باشترە

# هێندێک جار پێویستە زیاتر ئاگادار بی

- کاتێک پارە لە بانک یان بانکۆمات دەردێنی

- کاتێک خەڵک زۆرە ڕیسکی ئەوەی تووشی دزی بی زیاترە، بۆ نموونە وەختێک سواری ئوتوبوس دەبی یا لە ئوتوبوس دادەبەزی یا لە دووکان و بازاری.
- کاتی شت کڕین کە دادێیەوە بۆ هەڵگرتن یا چاو لێکردنی شت.
- وشیار بە کاتێک لە سەفی شت کڕین یا لە جێگای قەرەباڵغی.
- ئاگات لێبێ کاتێک شت دەکڕی و پارە دەدەی، وەختێک پارەت پێدەدەنەوە، چاوی لێبکەی و حیسابی بکەی، نەوەک کەمت باقی بدەنەوە.
- ئاگات لە دەورو بەری خۆت بێ.
- لە بیرت بێ کە چاو لێکردن دەتوانێ زۆر شت بگەیەنێ. ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چاو لە یەکێک بکەی بە بێ ئەوەی زۆر روو وەرگێڕی نیشان دەدەی کە ئیئنسانێکی باوەڕت بە خۆت هەیە و زوو فریو نادرێی.
- ئەگەر شتێک ڕوویدا، زۆر گرینگە کە بتوانی چۆنیەتی رووداوەکە باس بکەی، ئەوە دەبێتە هۆی کار ئاسانی بۆ پۆلیس.



مەهێڵە سەرگەرمت بکەن!

# کاتێک کیفی پارەکەت ون بوو

کە دیتت کیفی پارەکەت نەماوە، یارمەتی لە کەسێک وەرگرە بۆ ئەوەی کارتەکانی بانکت بۆ داخات و زەنگ لێدات بۆ پۆلیس. ئەگەر دزەکە هەر لەوێ مابوو، دیارە دەبێ بەر لە هەمووو شتێک پۆلیس ئاگادار بکرێت. هەوڵ بدە لە سەرە خۆ بی و فکری خۆت زۆر ئاڵۆز نەکەی تا بزانی چ قەوماوە و چت دیوە، یا بەباشی پۆلیس لە رووداوەکە تێبگەیەنی.

کیف ڕفاندن!

کیف ڕفاندن بەوە دەڵێن، کاتێک کەسێک لە پڕڕا کیفەکەت لێدەفڕێنێ. زۆر جار لە جێگای چۆڵ ئەو کارە ڕوو دەدا و زۆر جاریش دوو کەسن ئەو کارە ئەنجام دەدەن. بە گوێرەی قانون کیف ڕفاندن بە شێوەیەک لە ڕووت کردن لە قەڵەم دەدرێ ئەگەر زۆری تێدا بێ.

- کاتێک تووشی ئەو ڕووداوە بووی زۆریان بەربەرەکانی لەگەڵ مەکە، چونکە پارە ئەوەندە ناهێنێ کە جێگایەکت لە سەری بشکێ.
- کلیلەکانی ماڵەوە لە جێگایەکی غەیری کیفەکەت دانێ. پارەکانت لە گیرفانی ژوورەوەی کراسەکەت یا چاکەتەکەت بخە.
- ئەگەر کیفەکەت دەسکی هەبێ و بتوانی لە شانتی بکەی باشترە.
- کاتێک بە ڕێگای پیادە دا دەڕۆی، کیفەکەت لەو شانە کە، کە ڕووی لە ڕێگای دوو چەرخە یا پاسکیل نیە.
- ئەگەر کیفی دەستیت کیفی پارەی تێدابوو، قەت لە ناو داشقە یا ڕولاتووری Rullator مەخە.



پارە قاچێککی شکاو چاک ناکاتەوە!

# کاتێک لە ماڵەوەی

قەت ژمارە حیسابی بانک و کۆدەکەت بە کەس مەڵێ. بۆ نموونە ئەگەر کەسێک وتی لە بانکەوە تەلەفۆنت بۆ دەکات و پرسیاری کۆد و شتی وای کرد، باوەڕی پێ مەکە، چونکە بانک کاری وا ناکات.

ئەگەر کەسێک لە دەرگای دا و خۆی بە خزم ناساند، بەڵام تۆ نەتناسیەوە، قەت پارەی بە قەرز مەدەیە.

ئەو کەسانەی خەریککی دزی و کاری نائاساین لە هەموو دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی بتوانن بچنە ناو ماڵەکەتەوە. بۆ نموونە لەوانەیە یەکێیان بە قسەوە سەرگەرمت بکا، لە هەمان کاتدا ئەوی تریان لەوانیە بچێتە ژوورەوە بۆ شت دزین.
چەند نموونە لەو فێڵانەی بە کاری دێنن بۆ ئەوەی خۆیان بکەن بە ژوورەوە:

- داوای ئاو کردن
- دەیانەوی بچنە ژوورەوە و بە درۆ پەیامێک بۆ جیرانەکەیان بنووسن
- دەیانەوێ پارچە و فەرشت پێ نیشان بدەن.
- دەڵێن کە لە Hemtjänst وە هاتوون، یا ماڵەکە کۆنتڕۆڵ دەکەن بۆ تەعمیر

## چەند ڕێنوێنی تر...

- وشیار بە ئەگەر هەستت بەوە کرد کەسێک لە پلیکانەکانەوە بە شوێنتەوەیە.
- قەت کیفی دەست یا کیفی پارە لە نزیک دەرگای دەرێ یا هاڵ دامەنێ.
- کونی چاوڵێکردن Tittöga و زنجیری دەرگا بکڕە.
- بۆ ئەمنیەت و ئاگاداری لە خۆت زنجیری دەرگا بە کار بێنە.
- دەرگا لە هەموو کەس مەکەوە.
- لە بەر دەرگای ماڵی خۆت شت مەکڕە، چونکە ئەو کات نیشان دەدەی کە پارەت لە ماڵێ هەیە.



نێشان بدە کە لەماڵی

- کاتێک لە دەرگا دەدەن، دەنگە دەنگ بکە بۆ ئەوەی نیشان بدەی کە کەسێک لە ماڵە.
- بپرسە کێیە و داوای پێناسە Legitimation بکە، ئەگەر وتیان کرێکارن.
- کرێکار دەبێ پێشتر تەلەفۆنی کردبێ و وەختی دانابێ.
- داوای پێناسە بکە بۆ ئەو کەسانەی کە لە "هێمی شێنست"یشەوە Hemtjänst دێن.

- کەسێک نایناسی، ڕێگای مەدە بێتە ژوورەوە.
- پارەی زۆر لە ماڵەوە دامەنێ.
- پارە و زێڕ لە شوێنێک قایم بکە کە بە ئاسانی نەدیترێنەوە.
- کە چووی بۆ سەفەر، دراوسێکانت ئاگادار بکەوە.
- ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر سەفەرت کرد و لە ماڵ نەبووی، داوای یارمەتی لە کەسێک بکە کە باشی دەناسی تا پۆست و نامەکانت بۆ هەڵگرێ.
- ژمارە نیشاندەر Nummerpresentatör باشترە لە پەیام وەرگر Telefonsvarare، چونکە پەیام وەرگر نیشان دەدا کە کەس لە ماڵ نیە.

## ئەگەر لە ماڵەکەت دا دزیان لێ کردی

یەکسەر پێوەندی بگرە بە پۆلیس. ڕووداوەکەیان بۆ بگێڕەوە: چەند کەس بوون، شێوەیان چۆن بوو، بۆ کام لا ڕۆیشتن. ئەگەر بە سەیارە یا ئوتۆمۆبیل ڕۆیشتن هەڵاتن، باسی ڕەنگ و شێوەی ماشێنەکەیان بۆ بکە.



پارە و زێڕ لە جێگایەک بشارەوە لە دەستنەوەی ئاسان نەبێ.

## کێ زیاتر تووشی دزی دەبێ؟
## ئەو کەسەی سەیارە یا ماشێنی هەیە.

- دەرگای ماشێنەکەت هەمیشە قفڵ بکە.
- شت لە ماشێنەکەدا بە جێ مەهێڵە، ئەگەر هات و شتێکت بەجێ هێشت وابکە دیار نەبێ.
- ئالارم Larm بۆ ماشێنەکە دابنێ.

- قفڵی فەرمان بەکار بێنە.
- لە جێگایەک ماشینەکەت پارک بکە کە ڕووناکە و خەڵکی زۆر پێدا دەڕوا.
- ماشینەکەت لە کاڕێژ Garage ڕاگرە، بەڵام لە بیرت بێ کە کاڕێژی گەورە دزی زۆر لێدەکری.

لە جێگای ڕووناک ماشێنەکەت پارک بکە



پۆلیس: زەنگ بۆ 112 لێدە ئەگەر ویستت پۆلیس بە زووترین کات بگاتە جێ. زەنگ بۆ 14 114 لێدە ئەگەر تەنیا پێویستت بی ڕێنوێنی هەبوو.
ئەم ژمارە تەلەفۆنانە لە هەموو سوئێد بە کار دێن، فەرق ناکات لە کام شوێنی وڵاتی.
داخستن: هەر بانکەی قانون و شێوەی کار کردنی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ داخستنی ژمارە حیساب، کارتی بانک و شتی تری لەم بابەتە، دەتوانی زەنگ بۆ پۆلیس لێدەی و ئەوان ڕێنوێنیت دەکەن.
ژمارە تەلەفۆنی Brottsofferjouren : 212019 - 0200
کۆمەڵەیەکە کە بە بێ هیچ چاوەڕوانیەکی ماڵی:

- ڕێنوێنی و پشتیوانیت لێدەکا
- یارمەتیت دەکا بۆ پێوەندی گرتن لە گەر ئیدارەکانی دەوڵەتی و ئیدارەکانی بیمە
- پشتیوانیت لێدەکا لە کاتێکدا کە کارت دەکەوێتە دادگا

بیمە: بزانە چ جۆر بیمەیەکت هەیە!